**تارماييەكانى (پاسەوان)**

**لە**

**(نمايش‌و تێكست)دا**



**كامەران سوبحان**

پەيوەندى نێوان زمان‌و بابەت لەدەقى شانۆييدا ديارترين ئەو پەيوەنديانەيە كەلەتێكست‌و نمايشدا بەر بينەر و بەخوێنەر دەكەون، رەنگە ئەم هۆكارە ديارترين خاڵى جياوازى نێوان دەقى شانۆيى‌و دەقى چيرۆك‌و سەرتاپاى رەگەزە ئەدەبييەكانى دى بێت.

بۆ خوێنەر رەنگە زۆر جودا بێت كاتێك بەخوێندنەوە بەرتێكستێكى شانۆيى دەكەوێت لەگەڵ ئەوەى كاتێك بەبينين بەرى دەكەوێت، چونكە (بينين‌و خوێندنەوە) دوو رەگەزى پەيوەندى خوێنەرن بۆ گەيشتنە تێكستێكى شانۆيى..

رەنگە يەكێكى دى لەو سكالاَيانەى بەردەوام لەنێوەندى هونەرى ئێمە دەكرێت نەبوونى تێكستى شانۆيى بێت، رەنگە ئەمەش زۆرجار زيادەڕۆيى تێداكرابێت، چونكە بەردەوام بەرهەمهێنانى بەرهەمى داهێنەرانە رەنگە هۆكارى كەمى پەيوەست بێت بەتێكستەوە، لەكاتێكدا لەم قۆناغەى ئێستاماندا هەوڵ‌و هەنگاو هەيە بۆ بەرهەمهێنان، لەم سەروبەندەدا ناكرێت ناوى (دڵشاد مستەفا) لەياد بكەين بەتايبەتى لەم چەند ساڵەى دواييدا چەند دەقێكى نوسى كەمايەى بەسەركردنەوەن يەكێك لەو دەقانەش، (پاسەوان)ە كەلەمانگى ١١ى ٢٠٠٦ لەسلێمانى نمايشكراو خۆشبەختانەش جگە لەنمايشەكە هەلم بۆ رەخسا تێكستەكە لەژمارە (١)ى گۆڤارى شانۆدا بخوێنمەوە..

پاسەوان . ديدى نوسەر و گەمەى ئەكتەر:

پاسەوان مۆنۆ درامايەكى يەك پەردەييەو دڵشاد مستەفا نوسيويەتى‌و ئەرسەلان دەروێش رايكەرى دەرهێنانى بووەو ئەحمەد ساڵاريش بەرجەستەى رۆڵى تاكە پاڵەوانەكەى ئەو مۆنۆدرامايەى دەكرد،

بینینی من بۆ ئەم کارە هاوبەشەی نێوان (دڵشاد مستەفا . ئەرسەلان دەروێش . ئەحمەد سالار) لەسەر هەرسێ ئاستی (نوسین . دەرهێنان . نواندن)ە، چونکە رەنگە بەبینینی تایبەتی من لەگەڵ هەندێ سەرنج و تێبینی لەسەر بۆشایی و کەم و کورتییەکانی ئەم کارە هونەرییە بەڵام ناکرێت سەیری پاسەوان بکەین بەفەرامۆشکردنی هەریەك لەو سێ رەگەزە..

گەر لەسەرەتاوە من لەسەر زمانی پاسەوان و تەکنیکی مۆنۆدرامی ئەم شانۆییە قسە بکەم پێویستم بەگەڕانەوە هەیە بۆ کۆی گشتی بینینی (بەرهەم هێنەر . نوسەر) لەبەرهەمهێنانی دەقدا، رەنگە پاسەوان سەرەتایەك نەبێت بۆ قسەکردن لەسەر ئەزموونی نوسینی دڵشاد مستەفا، بەڵام پێموابێت ئەم دەقەی تا ئاستێکی زۆرباش مایەی لەسەر وەستانەو توانای تەکنیکی نوسینی شانۆنامەش لای نوسەر لەئاستێکی تۆکمەدایە، دیارە بەکارهێنانی زاراوەی تۆکمە من لەبینینی نمایشەوە بەرهەمم هێناوە، چونکە پێموابێت ئەم دەقە لەئەساسەوە بۆ ئەوە نوسراوە کەئەحمەد سالار بەرەهەندی تایبەتی و مەودای سروشتی خۆیەوە ئەم کارەکتەرە نمایش بکات.

لەهەڵبژاردنی فۆڕمی زمان و زانستی سیمیائی زماندا نووسەر خاوەن تایبەتمەندی و پەراوییەکی گەورەی نوسینە، کەرەنگە ئەم تایبەتمەندییە خاڵێکی زۆر مەکشوفی دڵشاد بێت، بێگومان توانستی باڵای زمانیش لەئەساسەوە بەرهەمی یادەوەرییەکی دەوڵەمەندو فرە مەودای کۆکراوەیە لەکاتی نوسیندا، چونکە رەنگە ئەوە باوەڕێکی بێ دیالۆگ بێت کەنوسینی شانۆنامە قورسترین رەگەزی نوسینی دەقە، بەڵام کاتێك ئەم پاسەوان دەنوسێت، پێموابێت جوانترین ئیشکردنی نوسەر ئیشکردنە لەناو یادەوەری پاڵەوان و یادەوەری خودی خۆیدا، بەمەش پاسەوان لەسەر ئاستی زمان گێڕەوەی بەشێکی زۆری ئەو چیرۆك و داستانە پڕ یەئسانەیە کەلەماوەی درێژایی سەدەیەك نەتەوەی ئێمە بەدەستییەوە ناڵاندویەتی.

ئیشکردنی ئەو لەناو زماندا جۆرێکە لەیاریکردن بەزمان و دۆزینەوەی فۆڕمی پەخشان ئامێزی زمانە نەك ئاراستە شیعرییەکەی کەبنەمای نوسینی تێکستی شانۆییە.

زۆرجار رەنگە ئەو تایبەتمەندیانەی کەلە شانۆنامەکانی (چیخۆف) دا هەن لەکەم نوسەری شانۆی تردا هەبن، بەوەی کەلەشانۆییەکانی چیخۆف (ورچ، باخی گێلاس، گۆرانی چایکا، نەورەس) بەدەر لەنمایش چێژێکی تایبەتیان هەیە لەکاتی خوێندنەوەدا، چونکە بینای نوسین و گێڕانەوە لەو شانۆنامانەدا بینایەکی ئەفسون ئامێزە بۆ داگیرکردنی هۆشی خوێنەر، لێرەدا من پێموابێت ئەم رەگەزەش لای ئەم زۆر کاری لەسەرکراوە، بەتایبەتی گەر خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ ژمارە (١)ی شانۆو خوێندنەوەی تێکستی (پاسەوان) واهەست دەکات چیرۆك یان داستانی کەسێکی پەراوێزکراو دەخوێنێتەوە، پێم وابێت پاسەوان و ڤاسیلی زۆر لەیەکەوە نزیکن، کاتێك ڤاسیلی دوای ئێوارەیەکی نمایش و دوای چەپڵەی بینەران بۆ ئەکتەرێکی پڕ لەئەزموون دەگەڕێتەوە بۆ ناو ناخ و یادەوەری خۆی، کەچیتر ئەو چەپڵانە جگە لەگەمەو کات بەسەربردنێك هیچی تر نین..

(پاسەوان)یش دوای زەمەنێکی دورو درێژ لەبەردەم ئەو دەرگایەدا ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێت کەچیتر دەرگاکردنەوەی ئەو بۆ ئەو حەشامەتە لەخەڵك جگە لەدووبارەکردنەوەی فۆڕمێکی بێزارکەرانە زیاتر هیچی دی نییە.

ئەمە جگە لەوەی نوسەر لەناو ئەم کردنەوەو داخستنەوەی دەرگادا جارێکی دی بەزمانی خۆی لەکۆی ئەو نەرێت و سونەتە باوانەی کۆمەڵگە دەدات هەر لەنەرێتی مێینەکوژی تامرۆڤکوژیو یەکتر قبوڵ نەکردنو پاشتر لێدان لەمێژووی داگیرکاریو بەرکەوتنەکانی ئاستی (مێژوو . زمان . کەلتوری) بێگانەو غەیرە کورد بەرامبەر بەکورد..

کاتێك پاسەوان دەڵێت: براکەم درزێکی خست، نهێنی ئەو دەرگایە چەتوتترین چەتەو رێگرەکانی دنیا لەو دیویان روانی.. رێگرە کۆنەکانی نێو خورافەکانی رابردوو هاتنو ئەو درزەیان کردە سەرە رێ، هەر وەرزەو بەبیانوویەك دەهاتن، هاوینان دەیان وت بیابان هاڵاوی گەرمی لێنیشتووەو ئێرە کوێستانێکی دڵگیرە.. زستانان.. بۆ ئەوەی وێنەیەك لەگەڵ بەفردابگرن، بەهار.. دەیانوت حوزنی ئەو هەمووە کۆترە راوی ناوین..

پاشتر پاسەوان بەدەم یەئسەوە دەڵێت:

سێ سەد ساڵ دەخەوم.. تا هەرچی شەڕتان هەیە لەگەڵ یەکتر تەواوی دەکەن (پێدەکەنێ) خەممە ببمە گاڵتەجاڕ.. دەترسم پاش ئەو سێ سەد ساڵەش بێمەوە نەوەکانتان خەریکی دانوستانی شەڕەکانی ئێوە بن، گەورەم ببورە، بەڵام ئەمجارە نایەمەوە بۆ شەڕ، ببورە کەقسەت دەشکێنم..

لەپەرەگیرافێکی تردا پاسەوان دەڵێت:

من بەو قسانە قایل نیم کچەکانی ئێمە بۆ فرۆشتن نین، غەمزەی کچی کورد بۆلمۆزی لیکنی ئێوە نابزوێ بۆ کوێ؟ تۆ قبوڵی مەکە نەفەرتیتی، تۆ کیژە شاخنشینییەکەی میتانی، چۆن قبوڵی دەکەیت ئەو هەموو کارمامزەی ئامۆزات بەو دەردە بچن چۆن دەتوانی.. ئاخۆ تەماشایان دەکەیت، ئێوە ئەخناتون، پادشاکەی بەدوای عەدالەتدا دەگەڕێی.. سێبەری خواوەندەکان.. ئێوە قبوڵی مەکەن.

رەنگە لەم سێ دیالۆگو مەنەلۆگەی پاسەواندا بزانین ئیدی کۆی ئیشکردنی نوسەر لەچ پنتێکەوەیە، بەتایبەتی وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا کەئەو دەیەوێت لەباکگراوەندی ئەو کلتورە بدات کەکورد وەك نەتەوە لەبەرامبەر نەتەوەی دیدا جگە لەپێکەوە ژیان فۆڕمێکی تر لەژیان بەرهەم دێت کەئەویش چەوسێنەر و چەوسێنراو، دواتر رەخنە بۆ شەڕی ناوخۆو هەستی شەڕانگێزیو کارەساتی ئەنفالو ڕەشەکوژی هەموو ئەمانە پاسەوان لەپەرەگرافەکانیدا بەخوێنەرو بینەر دەڵێت. من ئەم شێوازە ئیشکردنەی ئەوم بەدڵە، بەڵام ئەوەی کەلای من جێگەی سەرنجو تێبینییە زۆرجار نوسەر کۆمەڵێکی زۆر بابەتو داستانو مێژوو دەئاخنێتە ناو تێکستێکی شانۆنامەوە کەبێگومان ئەو بابەتانە هەریەکەیان بۆ خۆیان میحوەر و سنوربەندییەکی تایبەتی کارکردنن، بەڵام لای ئەو شێوازێکی (هێماییو ئاماژەگەرایی) هەیە کەزۆرجار ئەم دوو رەگەزە بەشێکی چێژی دەقەکە دەکوژێت.

*نواندن لەشانۆیی پاسەوان دا:
هەروەك پێشتر ئاماژەم پێدا قسەكردنی من لەسەر ئەم شانۆییە قسەكردنە لەسەر سێ ئاست كەئەویش ئاستی( . نوسین . نواندن ، دەرهێنان) ە من ئەم سێ رەگەزەم پێكەوە گرێدا بۆ شیتەڵكردن‌و خوێندنەوەی نمایش..
دیارە بۆ قسەكردنیش لەسەر ئاستی دووەم كە-نواندن . ە پێویستە خوێنەر بەهێڵێكی گشتی بەئاگا بێت لەئەزموونی هونەری ئەحمەد سالار، گەر نا ئەوا رەنگە ئەم نوسینە نەتوانێت كۆی تواناو تەكنیكی ئەو لەسەر تەختەی شانۆ بخاتە روو.
كارێكی بێ بەڵگەیە نواندن لەشانۆییەكی مۆنۆدرامادا بۆ ئەكتەر كارێكی قورسەو رەنگە پێویستی بەهێزێكی گەورە هەبێت لای ئەكتەر بۆ ئەوەی یادەوەری و توانستی خۆی لەبەرجەستەكردن بخاتە روو، بەتایبەتیش (پاسەوان) من پێموایە ئەكتەر زیاتر ماندوو دەكات چونكە سنورو جوگرافیای ئەم دەقە پڕ بوو لەچیرۆك‌و شفرەی تایبەتی كەرەنگە ئەستەم بێت بۆ بینەر بە یەك بینین لەم نمایشە بگات، كەئەمە بۆخۆی یەكێكە لەلەمپەڕەكانی بەردەم شانۆییەكە.
نواندن‌و گەمەی سالار ئەو ئێوارەیە بەئێمەی بینەر وت كەهێشتا ئەو گەنجەو ئەو لەسەرەتای هەشتاكاندایە لەبەرجەستەكردنی رۆڵی كارەكتەرەكە جۆراوجۆرەكان، هەرچەندە سیناریۆی دەقەكە تاڕادەیەك سنوربەندی بۆ هەندێ جوڵەو توانای ئەو كردبوو، بەڵام هەوڵی سالار لەرووی تەمەن‌و ئەزموون‌و توانستی دەنگییەوە جارێكی تر توانیبووی كۆنترۆڵی پانتایی تەختەی شانۆ بكات، بەتایبەتیش لەو حاڵەتانەی كەنوسەر كارەكتەرێكی وەهمی دروست كردبوو پاسەوان بەیۆتۆبیانە لەگەڵیدا دەكەوتە ئاخاوتن، ئەو ئاخاوتنەی ئەو لەگەڵ كەسێكی نادیاردا هێندەی تر وای لەو دەكرد كەچركە دوای چركە پێویستی بەگۆڕینی فۆڕمی نواندن‌و شێوازی ئاخاوتن و دیالۆگ بێت، بەتایبەتیش لەو كاتانەی ریتم‌و تیمپۆی دەق گۆڕانی بەسەردا دەهات..
*تۆ كێی؟ چیت دەوێت (دێتە پێشەوە) كێیت، ئا ببورن، نەمزانی بفەرموون، فەرموو( دەچێت دەرگا گەورەكە دەكاتەوە) فەرموون.. من بڕستی یەك شەقی ترم نەماوە، ئەزانم ئێوە پیاوی پیاوە گەورەكەن، كەمنی لێرە كردە پاسەوانی دەرگاكە.. نا نا ئەزانی ئەگینا بشتان كوشتمایە نەمدەهێشت پێ بنێنە ئەو دیوەوە.. دەتانناسمەوە، ئەو شەوەش هەر خۆتان بوون بەفەرمانی ئەو پیاوە گەورەیە هاتبوون (دەرگاكە دادەخات)..
ئەم حاڵەتەی پاسەوان جۆرێكە لەنواندنی تایبەت لەناو شانۆییەكی تایبەتدا، لەم حاڵەتەدا گەر ئەكتەر یادەوەری پڕ نەبێت‌و توانستی لەرادەبەدەری نەبێت بەیەكجاری لەناو بابەت‌و فەزای شانۆدا ون دەبێت، ئەحمەد سالاریش بەدەر لەو حاڵەتانەش توانیبووی خۆی لەناو بابەت‌و چیرۆكی نمایشدا دابەشكات، بەجۆرێك منی بینەر هەستم بەوەدەكرد ئەو بەردەوام لەهەموو كون و قوژبنێكی تەختەی شانۆ لەناو كۆی چیرۆكی نمایشەكەشدا بەرووخساری جیاواز خۆی نمایشدەكات..

بونی تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی فۆنەتیکی دەنگی ئەحمەد سالار بەبۆچوونی من یەکێکی تر بوو لەو تایبەتمەندییانەی کەوایکردبوو چ دەرهێنەر چ نوسەر ئەم کارەکتەرە بەو ئەکتەرە بەرجەستە بکەن، دیارە رەگەزی دەنگ لای ئەکتەر یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەکتەر، هیچ ئەکتەرێکی شانۆیی بەبێ دەنگێکی بەهێزو گونجاو ئەکتەرێکی سەرکەوتوو نییە، جگە لەو توانا دەنگیەش لای ئەم ئەکتەرە، شێوازێکی تایبەتمەندو جۆرێك لەجیاوازی پێوە دیارە، بەجۆرێك ببینەر وا هەستی دەکرد بەتوانستی خوڵقاندنی دیمەنەکان ئەکتەری ئەو مۆنۆدرامایە وایکردبوو بەردەوام حاڵەت دوای حاڵەت بەدوای رووداو کێشەکانی ئەو نمایشە بکەوێت،ئەمە جگە لەوەی کەلەمۆنۆدرامادا توانای ئەزموونو هێزی نواندن پێویستە لای ئەکتەر چڕبکرێتەوە بۆ گەیاندنی حاڵەتە تایبەتەکانی نمایش بۆ بینەر..

دوا سەرنجیش لەسەر نواندن هێزو توانای ئەداکردن بوو لای ئەکتەری پاسەوان کەتوانیبووی بەفۆڕمێکی زۆر مۆزیکیانە بەرجەستەی حاڵەت و رستە مۆزیکیو ئەدەبیەکانی شانۆییەکە بکات، چونکە یەکێکی تر لەتایبەتمەندییەکانی پاسەوان بوونی زمانێکی مۆزیکیو ئاستی بەرزی زمانەوانی بوو، کەبێگومان دەرخستنی ئەم توانایەش بەپلەی یەکەم بەهۆی توانای رۆڵ بینینی ئەکتەرەوە بوو بۆ بینەر.

*دەرهێنان لەشانۆیی (پاسەوان) دا:

جگە لەنواندنو تێکست، دەرهێنان یەکێکی تر بوو لەو رەگەزانەی کەرۆڵی هەبوو لەستراکتۆری گشتی نمایشدا، هەروەك ئاماژەم پێدا ئەم سێ رەگەزە بەئاراستەی یەکتر رۆڵیان گێڕابوو بۆ بەرهەمهاتنی ئەم نمایشە، بەڵام لەهەمان کاتدا رادەی کاریگەریو پانتایی بوونی هەریەکەیان بۆ یەکێتی تر جیاواز بوو..

دەرهێنان یەکەمین پرۆسەی بەرکەوتنە بەچاوی بینەر، بینەرێك رەنگە جێی مەبەستی نەبێت دەقەکە کێ نوسیویەتی؟ کێ نمایشی دەکات؟ بەڵام مەبەستیەتی بزانێت چی نمایش دەکرێتو چۆن نمایش دەکرێت؟

بەبڕوای من ئەمە دیارترین خاڵو وێستگەیە ئێمە قسە لەسەر ئەم نمایشە بکەین، دیارە پەیوەندی دەرهێنەریش وەك کارەکتەرێکی جوڵاوی نمایش بەو دوو رەگەزەی ترەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانی سەرتاپاگیرە، بۆیە بینینی ئەرسەلان دەروێشو دڵشاد مستەفا لەبەرهەمهێنانی ئەم نمایشەدا بینینێکی هاوبەشە لەسەر ئەساسی بونیادێکی دیاریکراو، بینینی من بۆ ئەم شانۆییە دوو ئاستی دیاریکراوی هەبوو، یەکەمیان بینین وەك خوێنەر کەچەند جارێك دەقەکەم خوێندەوە، دووەمیان بینین وەك بینەر کەنمایشم بینی، بۆیە دەتوانین بڵێین دەرهێنەر لەپرۆسەی وێناکردنو بەرهەمهێنانی وێنەی شانۆییدا تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوو بەتایبەتیش لەدروستکردنیو خوڵقاندنی کەشی گشتی نمایشو دروستکردنی پانتاییەکی دیاریکراو بۆ نمایشی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ..

**ئەمــە جگــە لــەوەی تــەوزیفکردنی هەنــدێ حاڵــەتی تایبــەتی لــەناو نمایــشەکەدا کەلەدەقەکــەدا سنوربەندییەکی تێدا بوو کەبەتەنها دەرهێنەر دەتوانێت ئەو حاڵەتانە بەرجەستە بکات و جارێکی تر زمانی ووشە تەوزیف بکات بۆ زمانی وێنە..**

**بەم حاڵەتە من دەتوانم بڵێم (پاسەوان) هەوڵێکی هاوبەشە لەنێوان (نوسەر- دەرهێنەر- ئەکتەر) بۆ بەرهەمهێنانی فۆرم و شێوازێکی تایبەت بەنمایشکرنی مۆنۆدرامایەك کە کەم تازۆر لەهەوڵەکانی تری نوسەر لەبواری شانۆ نوسیندا سێبەرو تارمایی دەبینرێت.**